گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/g6w1hf50

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 02/05/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 18/08/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/03/2026

# کورسی و تەخت لە زاگرۆس لە هەزارەی دوەمی پ.ز. (نمونەی هەڵبژێردراو)

**دەریا سیامەند مامەند[١] - کۆزاد محمد احمد[٢]**

kozad.ahmed@univsul.edu.iq – darya.siyamand@uor.edu.krd

[١+٢] بەشی شوێنەوارناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە خســـتنەڕوی بەڵگە وێنەییەکانە لەســـەر کورسی و تەختەکانی چەند ناوچەیەکی دیاریکراو لە زاگرۆس، باشـــترین نمونەکانمان لە ناویاندا هەڵبژاردوە و شـــیکاری پێکهاتەی دیزاینەکانمان کردون، تاکو لەو ڕوانگەیەوە مێژوی ســـەرهەڵدانی دەســـەڵاتداری نەوەکانی پێش خۆمان لە ناوچەکە ئاشـــناتربکەین. بە پشـــتبەســـتن بە دیمەنەکانی ســـەر پاشـــماوە شـــوێنەوارییەکان دیزاینە جیاوازەکانی کورسی و تەختەکانمان لە ناوچەکە پیشـــانداوە، ســـەرباری ئەوەی لە هەزارەی دوەمی پ.ز. ناوچەکە گۆڕانکاری ســـیاسی زۆری بەخۆیەوە دیوە، هەمیشـــە ڕوبەڕوی پەلاماردان و داگیرکاری دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوکاتی میســـۆپۆتامیا بۆتەوە، بەتایبەتی دەوڵەتی ئاشـــوری. بەڵام دیمەنە نەخشـــێندراوەکانی ســـەر (میل/کێلەکان، ســـەر تاشـــە بەردی قەد پاڵی چیاکان، پارچە کانزاییەکان و مۆرەکان...) بەڵگەی حاشـاهەڵنەگرن لەسـەر دەسەڵاتداری گەلانی زاگرۆس و دانیشتنی پاشا و میر و فەرمانڕەواکانیان لەسەر کورسی و تەختی پاشایەتی. زۆربەی کات ئەو دیمەنانە نوسراوی خەتی مێخیان لەگەڵ تۆمارکراوە، کە ناوی خواوەند و پاشـــا و فەرمانڕەواکانی تێدا هاتوە، کە ئەمەش بەرچاوڕونیمان پێدەدات لەسەر ناسینی کەسانی دانیشتو لەسەر کورسی و تەختەکان.

**کلیلە وشەکان**: زاگرۆس، کورسی و تەخت، دەسەڵاتداری، دیمەن، دیزاین.

# Chairs And Thrones in Zagros from The Second Millennium B.C., Selected Specimens

**Darya Siamend Mamend[1] - Kozad Mohamed Ahmed[2]**

[1+2] Department of Archaeology, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract:

This research is an unveil of the photographic documents on the chairs and thrones of some specific areas in the Zagros, we have selected the best examples among them and analyzed the structure of their

designs, from this point of view the history of the beginning of our predecessor's power can be identified and revealed clearly, by depending on the sites left on the archaeological remains, we have shown the different designs of chairs and thrones in the area. In spite of the fact that the region has experienced many political changes in the second millennium BC, it has always stood against attacks and occupations by the powerful states of Mesopotamia at the time, precisely the Assyrian state, but the carved sites on the (milestones on the stones in the foot of the mountains, metal pieces and seals, are undeniable evidence of the power of the Zagros peoples and the sitting of their kings, emir and rulers on the chairs thrones of kingdom, these sites are often recorded with cuneiform inscriptions containing the names of gods, kings and rulers, which gives us a clearer understanding of the siting people on the chairs and thrones

**Keywords**: Zagroz, Chair and Throne, Power, Site, Design.

## پێشەكی:

زاگرۆس ناوچەیەكی شـاخاوی سـەختە و لە لقەكانی چیاكانی قەوقازەوە دێت، لە دامێنی چیاكان پێدەشـت و شـیو و گردەكان دروسـتبون، ئەو ڕوبارو كانیاوانەی لە چیاكانەوە هەڵدەقوڵێن و دێنە خوارەوە بونەتە سـەرچاوەی ژیانی مرۆڤ لەكۆنەوە تائێستا. پاشـماوەی مرۆڤ هەر لە چاخە بەردینەكانەوە لە ناوچەكە دۆزراوەتەوە، گەلانی ڕەسـەنی ناوچەكە كوردستانین، فەرهەنگی تایبەت بەخۆیان هەیە. توێژینەوەكەمان بەڵگەداركردنی وێنەییە لەسەر دەسەڵاتداریەتی پاشا و فەرمانڕەواكانی دەوڵەتانی زاگرۆس لە هەزارەی دوەمی پ.ز.، ئەویش بە پشـتبەسـتن بەو پارچە شـوێنەواریانەی وێنەی كورسی و تەختیان لەسـەر دەردەكەوێت، هەندێكیان نوسـینی مێخییان لەسـەر تۆماركراوە ناوی پاشـا و خواوەند و فەرمان ڕەواكان دێنن.

**ئامانجی توێژینەوەكە**: لە ڕێگەی بەڵگە وێنەییەكانی پارچە شـوێنەوارییەكانەوە مێژوی دەسـەڵاتداری لە زاگرۆس لە هەزارەی دوەمی پ.ز. دەخەینە بەرچاو، لە گەڵ ئەوەشـدا مەبەسـمانە خوێنەر ئاشـنابكەین بە دیزاینە جیاوازەكانی كورسی و تەختەكان كە نیشانەی بە هێزی یان لاوازی فەرمانڕەواكان بون.

**سـنوری توێژینەوەكە**: جوگرافیـای زاگرۆس بە نـاوچەی توێژینەوەكەمـان دادەنرێـت، بەڵام كەم تـا زۆر نمونەی كوردستانمان بەگشتی هێناوە. لە ڕوی زەمەنیشەوە لە هەزارەی دوەمی پ.ز. باسدەكەین.

**میتۆدی توێژینەوەكە**: شوێنەواری هونەرییە.

**گرفتی توێژینەوەكە**: كەمی لێكۆڵینەوە و كنە و پشـكنینەكان لە زاگرۆس وایكردوە ئەو ناوچە دەوڵەمەندە سـەچاوەی زانیاری كەم بێت، یان بەداخەوە زۆر جار ئەنجامی توێژینەوە و پشـكنینەكان ئاشـكرا نەكراون. وەک هەڵكۆڵینەكانی زیویە و بەشێكی شمشارە.

**پلانی توێژینەوەكە**: هەوڵمانداوە لە پلانی توێژینەوەكەماندا هەندێک لە شـوێن و پاشـماوە شـوێنەوارییەكانی زاگرۆس ئاشـنا بكەین، وێنەكانمان بە ڕیزبەندی مێژوی سـەردەمەكان لە هەزارەی دوەمی پ.ز. بۆ دەوڵەت و میرنشـینەكان پیشـانداوە. هەروەها دیزاینە جیاوازەكانی كورسی و تەختەكانی ئەو سـەردەمە دەخەینەڕو. توێژینەوەكە بەسـەر دو تەوەرەی سـەرەكی دابەشـكراوە، تەوەرەی یەكەم پێشـینەیەكی كورتی مێژویی لەسـەر جوگرافیای زاگرۆس و مێژوی ناوچەكە باسـدەكەین، لە تەوەرەی دوەمدا دیمەنی سـەر پاشـماوە شـوێنەوارییەكان دێنین، ئەوانەی وێنەی كورسی و تەختیان لەسـەر دەردەكەوێت. بۆ ئەو مەبەسـتەش چەند نمونەیەكی هەڵبژێردراو لە شـوێنە شـوێنەوارییەكانی (تەپە

گەورە، شـمشـارە، نوزی) لە دیوی کوردسـتانی باشـور باس دەکەین، لوڕسـتان لە دیوی کوردسـتانی ڕۆژهەڵات باس دەکەین. جێگای ئاماژە پێدانە کورتەیەکی مێژوییمان بۆ هەریەک لەو شـوێنە شـوێنەوارییانەی سـەرەوە هێناوە، تاکو خوێنەر بەهۆی فراوانی جوگرافیای زاگرۆس و زۆری خاڵە شوێنەوارییەکانی ناوچەکە تێکەڵی بۆ دروست نەبێت.

**تەوەرەی یەکەم: پێشینەی مێژویی (کورسی و تەخت لە هونەری زاگرۆس).**

**ناوچەی توێژینەوە**: چیاکانی زاگرۆس لە لقەکانی چیاکانی قەوقازەوە دێت لە باکوری ڕۆژئاوای ئێران، ئەوە گەورەترین بەشی هەرێمەکەمان پێکدێنێت، ئەو زنجیرە چیایانەش نزیکەی ١٥٠٠کم درێژ دەبنەوە و بەپانتایی نزیکەی ٣٠٠ کم لە باکوری ڕۆژئاوا بەرەو باشـوری ڕۆژهەڵات بە ناوچە شـاخاوییەکانی دیوی عێراقیشـەوە. (Ahmed, 2012: 15). توێژینەوە و کنەو پشکنینی زۆر لە ناوچەکە کراوە هەر لە بیستەکانی سەدەی ڕابردو دەستیپێکردوە لە ئەنجامدا چەندین پاشـماوەی سـەرەتایی چاخە بەردینەکانی لێ دۆزراوەتەوە لە هەردو دیوی عێراق و ئێران. هەرچەندە لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە بەڵام هێشـتاش زانیاریمان کەمە سـەبارەت بە ناوچەکە ئەوەش بەهۆی گۆڕینی ئاراسـتەی توێژینەوەکان و بڵاونەکردنەوەی هەندێک لە توێژینەوەکان. (Olszewski and Dibble, 2006: 355). بەدیاری کراوی زاگرۆس لە ئێرانی نوێدا هەرێمی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کوردستان، هەمەدان، کرماشان، ئیلام، لوڕستان، چەهەرماحال، بەختیاری، کۆهگویلو، بویر ئەحمەد و فارس دەگرێتەوە، لە عێراقیش پارێزگاکانی هەولێر"Arbīl" و سلێمانی دەگرێتەوە. ئەو زنجیرە چیایانە وەک بەربەستێک و جیاکەرەوەی سنورەکان بون، بەڵام لەهەمان کاتدا وەک پردێکی پەیوەندیش کاریانکردوە لە نێوان زەوییە نزمەکانی میسـۆپۆتامیا لە ڕۆژئاوای چیاکان و زەوییە بەرزەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتیان. (Balatti, 2017: 2). سەرباری ئەوەی زۆربەی سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن کە زانیاریمان لەسەر ناوچەکە و دانیشتوانەکەی کەمە، بەڵام سـەرەتاییترین تۆمارەکانی دەوڵەتانی میسـۆپۆتامیا لە سـەدەکانی کۆتایی هەزارەی سـێیەمی پ.ز بەڵگەی هەبونی پەیوەندی دەخەنەڕو لەگەڵ خەڵک و گەلانی زاگرۆس و دەوروبەری دیجلە. دەشتەکان و گردەکان و دۆڵی نێوان چیاکان چەندین گەل و فەرهەنگی جیاوازی لەخۆگرتوە. (Renette, 2018: 7). تەنانەت پێش داهێنانی نوسـین لە هەزارەی شـەشـەمی پ.ز لە زاگرۆس بەپشـتبەسـتن بە گلێنەسـازی لێکۆڵینەوەکان ئەو پەیوەندییە شـەن و کەو دەکەن. ئەنجامی بەراوردکارییەکانی گلێنەی زۆربەی شـوێنەکانی زاگرۆس وەک (دالما، دەشـتی شـارەزور، دەشـتی ڕانیە...) بە گلێنەسـازی عوبەید لە میسـۆپۆتامیا کاریگەری ئەو پەیوەندیە لە نێوان هەردو شـارسـتانیەتەکە دەسـەلمێنن (Dadaneh *et. al.*, 2021: 7-8).

**پێشینەی مێژویی**: هەر لە کۆنەوە ناوچەی زاگرۆس بە سروشتە شاخاوییەکەی جیادەکرێتەوە و بەسەر چەند هەرێمێک دابەشـکراوە، هەر هەرێمێک بە ناوی گەلێکەوە ناونراوە، وەکو سـوبارتو، گوتیوم، زاموا...هتد، هەمو ئەو هەرێمانەش لەسـەدەی دوازدەیەمی زایینییەوە بە ناوی (کوردسـتان) ناسراون. (ئەحمەد و ڕشـید، ٢٠١٩: ٢٧). یەکێک لە کارە ماندوکەرەکان دەست خستنی زانیارییە دەربارەی گەلانی زاگرۆس، سەرچاوەی زانیاریمان دەربارەی جوگرافیا و سنوری کۆنی ناوچەکە سنوردارە، لەگەڵ ئەوەشدا زانیارییەکانمان سەبارەت بە مێژوی گەلانی ناوچەکە کەمترە.

زۆرکەم لەسەر پێکهاتەی نەژاد و زمانەوانی یان، پێشینە و بنج و بناوانی مێژویی و فەرهەنگی یان دەزانین. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ئەم گەلانە خۆیان زۆر کەم تۆمـاری نوسراویـان لە دوای خۆیـان جێهێشـتوە. (ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٢٣). لەبەرئەوە ناچارین پشـت بە پاشـماوە هونەرییەکان ببەسـتین بەمەبەسـتی دەسـت خسـتنی زانیاری سـەرەتایی لەسـەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی دەسەڵاتداری لە زاگرۆس، کە ئەمەش واتای پەیدابونی کورسی پاشایەتیە لە ناوچەکەدا. بەگشتی چیاکانی زاگرۆس بەسەر سێ بەشی سەرەکی دابەش دەکرێت، ئەوانیش باکوری ڕۆژئاوا، ناوەڕاست، باشور. (Ahmed, 2012: 2-12). کەم تا زۆر کنەو پشـکنینی شـوێنە جیاوازەکانی ناوچەکە ئەنجام دراوە و لە ئەنجامدا

چەندین پاشماوەی چاخە بەردینەکان دۆزرایەوە. ئا لەو سەر زەمینەدا باو و باپیرانی ئێمە ژیانی ڕاوشکاری و کۆکردنەوەی خۆراکیان دەست پێکرد و دواتر ژیانی نیشتەجێبون و کشتوکاڵ کردنیان داهێنا. (شەمیرزادی، ١٣٨٢ هـ. ش. : ١٦٦). بەمجۆرە چاخی بەردینی نوێ دەشێت بەهەرە گرینگترینی چاخەکانی مێژوی کوردستان و تەنانەت جیهانیش بژمێردرێت، ماڵی کردنی ئاژەڵ و دۆزینەوەی کشـــتوکاڵ و چاندن یەکجار گرنگ و چارەنوســـســـازبون، بونە هۆی جێگیربون و دامەزراوی مرۆڤ و بنیاتنـانی یەکەمین خـانوی نیشـــتەجێبون. ئەوەش واتە کۆکردنەوەی خەڵکی لە خـاڵێکـدا و لە دایکبونی  یەکەمین گوند و ســـەرەتاکانی کۆمەڵگای مرۆیی، دواتریش دروســـتبونی شـــارەکان. (ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٨١). بەگوێرەی پاشماوەکان لە سەرەتای هەزارەی پێنجەمی پ.ز مرۆڤ ئاشنای دۆزینەوە و بەکارهێنانی کانزاکان بوە، لەگەڵ کەلوپەلە بەردینەکان چەندین کەلوپەلی کانزایی دروســتکرد، لەبەرئەوە بە چاخی بەردینی-کانزایی ناسراوە( باقر، ٢٠٠٩: ٢٣٠). پاشـان چاخی برۆنزی دێت کە بەســەر سێ ســەردەم دابەشــکراوە ئەویش چاخی برۆنزی کۆن/دور لە(٢٩٠٠-٢٠٠٠ پ.ز.) و ناوەڕاســـت لە (٢٠٠٠-١٦٠٠ پ.ز.) و نوێ لە(١٦٠٠-١٢٠٠ پ.ز.) دیاریکراوە.  :Potts, 2013) 206). لە چاخەکانی پێش مێژودا هەمو دەستپێشخەرییەک لە داهێنانی تەکنیکی و گەشەپێدانی فەرهەنگی بەشێوەیەکی نەریتی لە زەوییە شاخاویەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیا واتە لە (زاگرۆس) وەرگیراوە و دواتر بۆ دەشتەکانی باشـــور بڵاوبۆتەوە، ئەمە بەڕونی لە فەرهەنگی ئەم چاخەدا (Neo- and Chalcolithic) دەبینرێت.  ,Ahmed) 2012: 52). بەهەرحـاڵ لە هونەری پەیکەرســـازی لە زاگرۆس لە چـاخی بەردینی-کـانزایی هیچ کورســـیەک بەرچاوناکەوێت. بەڵام لەســـەر مۆرەکان کە لە زۆربەی شـــوێنەکانی زاگرۆس دۆزراونەتەوە وێنەی کورسی /تەختیان لەســـەر دەردەکەوێت. کۆتا قۆناغی ئەم چاخەش لە ٤٠٠٠-٣٥٠٠ پ.ز دیاری کراوە ئەویش چینەکانی چوارەم و سێ یەمی عوبەید و وەرکای کۆن و ناوەڕاست دەگرێتەوە. (باقر، ٢٠٠٩: ٢٣٠).

بەمجۆرە تا سەرهەڵدانی فەرهەنگی عوبەید ناوچەکەمان لە پێشەنگی هەمو پێشهاتەکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا بو و کنەو پشـکنینەکان ئەوە دەسـەلمێنن. ( Ahmed, 2012: 22). یەکێک لە هونەرە پێشـکەوتوەکانی ئەم سـەردەمە گڵێنەسـازی بوە، کە جۆرەها نەخش و هێما و دیمەنی جیاوازی لەسـەر ڕوی گۆزەکان دروسـت دەکرا، جگە لە دیمەنی زۆرو جیاواز وێنەی کورسیش لەسەر مۆرەکانی ئەم چاخە دەبینریت. (مارف، ٢٠٢٠: ١٩٨). یەکێک لەوانە گردی تەپە گەورەیە[1] کە بۆ ئەم ســـەردەمە دەگەڕێتەوە، ژمارەیەکی زۆر مۆری لێدۆزرایەوە، کە چەندین دیمەنی کورسی و تەختیان لەسەر دەردەکەوێ، بێجگە لە مۆر چەندین پاشماوەی وەک گۆزە و بوکەڵە و کەلوپەلی ناو ماڵ و جوانکاری و ئامرازی کێڵانی تێدا دۆزراوەتەوە. ( Speiser et al, 1935: 2).

هەروەها گردی شـمشـارەش لە دەشـتی بیتوێن لە لای ڕاسـتی زێی بچوکە و بە نزیکەی ٥کم لە ڕۆژئاوای سـەنگەسـەرە، لەوێش مۆرەکان وێنەی کورسی و تەختیان  لەسەر دەردەکەوێ. (Eidem, Laessøe, 2001: 13). لە گردی شمشارە بێجگە لە بیناسازی و گڵێنەسازی چەندین تابلێت ی نوسراو بە خەتی مێخی و مۆری لولەیی کەلوپەلی ئافرەتان و بوکەڵە دۆزرانەوە، هەروەها شـــوێنی جوگرافی گردەکە گرنگیەکی زۆری هەیە لەبەر ئەوەی کەوتۆتە نێوان ناوچە چیاییەکانی زاگرۆس و پێدەشـتەکانی دامێنی چیاکان، واتە ناوچەی بەیەکەوە بەسـتنی چیاکان و پێدەشـتەکان بوە. Eidem and) Laessøe, 2001: 13-14). بەداخەوە ئەنجامی کنەو پشـکنینەکانی تیمی عێراقی ئەوکات کە لە سـاڵی ١٩٥٨-١٩٥٩ز بو  بڵاو نەکراوەتەوە، (محمد، ٢٠٢٢: ٦٤٨). بەڵام هەندێک لە مۆرەکانی شـمشـارە لەسـەر پارچە زەرف/کیسیـ نامە تۆمارکراون کە کورســیان لەســەر دەردەکەوێت. لەوانە جێ مۆرێکی لولەیی و نەخش و نیگارێکی بچوکی ســەردەمی بابلی کۆنی (١٨٩٤- ١٥٩٥ پ.ز.)لەسـەرە، خواوەندێکی دانیشـتو پیشـاندەدات، لەبەرئەوەی زەرفەکان لە قوڕ دروسـتکراون بۆیە زۆربەیان شـکاون و نوسـین و دیمەنەکانی سـەریان تێکچوە. (Eidem and Laessøe, 2001: 159). ژمارەیەکی

زۆر لە شوێنی شوێنەواری لە زاگرۆس دۆزراونەوە کە بۆ ئەم چاخە دەگەڕێنەوە. وەک: (تەپە گەورە، شمشارە، نوزی، زیویە، حەسەنلو، لورِستان...). (مەعروف، ٢٠١٤: ٨١-٨٩ ). بەڵام چەند نمونەیەکیان تێدا هەڵبژێرین کە لە هونەرە جیاوازەکانیان دیمەنی کورسی و تەخت وێنا کراوە.

**تەوەرەی دوەم: کورسی و تەخت لە هونەری (تەپە گەورە، شمشارە، نوزی، لورِستان).**

**١- کورسی و تەخت لەسەر مۆرەکانی تەپە گەورە.**

**وێنەی ١:** دیمەنی سەر مۆرێکی لولەییە، لە تەپە گەورە دۆزراوەتەوە. هەرچەندە مۆری ڕوتەختیش دۆزراوەتەوە، بەڵام کورسی لەسەر دەرناکەوێت. هەمو مۆرە لولەییەکان لە سەرو چینی VII دۆزراوەتنەو (Speiser, 1935: 120) . نزیکەی شەش سەد مۆر دۆزرانەوە، هەندێکیان دیمەنی کورسی و تەختیان لەسەر دەردەکەوێت، بەگشتی توخمی ئەندازەیی و مرۆیی و ئاژەڵی لە خۆ دەگرن. (Tobler, 1950: 175-191). لە دیمەنەکەدا خواوەندی ئاوی قوڵایی "Ea " دەردەکەوێت لەسەر کورسیەکی سێگۆشەیی(Cubic) دانیشتوە. (Speiser, 1935: 129). تەختەکەی بە دیزاینێکی پێشکەوتو دروستکراوە، پێدەچێت لە دارێکی پتەو و تۆکمە دروستکرابێ، پارچە تەختەکان بە ڕێکی لێکدراون و شوێنی دانیشتنی لەگەڵ قاچەکانی و یەک پارچە لێکدراوە، پێکەوە پشتگیری یەکتر دەکەن، ستونی نێوان قاچەکان بە ئاسۆیی و ستونی لێکدراون و شێوەی خاچیان دروستکردوە. ئەوەش تایبەتمەندی بە تەختەکە بەخشیوە.

**وێنەی ٢:** دیمەنی سەر مۆرێکی لولەییە، لە مەرمەڕی خۆڵەمێشی دروستکراوە. دو خواوەندی نێر و مێ بەرامبەر یەکتر دانیشتون، شێوازی هەڵکەندنی وێنەکان زیاتر ئەبستراکتیە، لەلای ڕاستەوە خواوەندی نێر لەسەر تەختێکی سادەی لاکێشەیی دانیشتوە. لە بەرامبەری خواوەندی مێ لەسەر تەختێکی بە نیوە پاڵپشتیەوە دانیشتوە. تەختەکەی زیاتر چوارگۆشەییە و کەمێک نزمتر دروستکراوە. (Speiser, 1935: 129.) هەندێک جیاوازی دەبینین لە نێوان تەختی خواوەندی نێر و مێ، ئەوەی یەکەمیان لاکێشەیی و بەرزتر دروستکراوە و قاچی دواوەی تەختەکە لەشێوەی قاچی مرۆڤ دروستکراوە، بەڵام ئەوەی دوەمیان چوارگۆشەییە و نزمتر دروستکراوە، شوێنی دانیشتنی پلەیەک لە بەرز و نزمی تێدا کراوە مەبەستەکەی ڕون نییە، نیوە پاڵپشتی بۆ دروستکراوە.

**وێنەی ٣:** دیمەنی سەر مۆرێکی لولەییە، خواوەند باو "Bau " کە (خواوەندی چارەسەر و دایکایەتی و مامانی بوە و زیاتر لە ئیسن و لەگەش لە میسۆپۆتامیا پەرستراوە)، کڵاوێکی شاخدار و جلێکی درێژی لەبەردایە، لەسەر تەختێک دانیشتوە، شوێنی دانیشتنی کەمێک چاڵ کراوە. قاچی تەختەکە بەشێوەی ستونی چەماوە دروستکراوە، کە ئەمە دیزاینێکی جیاوازە، هەروەها پاڵپشتی تەختەکە بە دەنوکی ئەو باڵندیە دروستکراوە کە لە پشتی خواوەندەکەوە وەستاوە. ئەگەرچی تەپە گەورە بۆچاخی بەردینی-کانزایی دەگەڕێتەوە بەڵام مەرج نییە هەمو پاشماوەکانی بۆ هەمان سەردەم بگەڕێتەوە. چونکە وایزمان "Wiseman " پێیوایە مۆرەلولەییەکان و نوسین هەردوکیان پێکەوە یەکەم جار لە ٣٣٠٠ پ.ز لە باشوری میسۆپۆتامیا دەردەکەون. (Wiseman, 1977: 20.).

**وێنەی ٤:** دیمەنی سەر مۆرێکی لولەییە، لە بەردی دیورایتی ڕەش دروستکراوە، خواوەندێکی نەناسراو کە سەری باڵندەیە لەســەر تەختێکی ڕێک دانیشــتوە بەرامبەر داری پیرۆز. دیمەنەکە چەندین تایبەتمەندی لەخۆدەگرێت وەک شـێوازی گۆشــەیی کەســایەتییە مرۆییەکان و ســەری باڵندەیی خواوەندەکە. بەهۆکاری بونی ئاژەڵی وەک گا و شـێر بەدەســتی کەســێکەوە، ڕوەکێک کە لەناو گۆزیەک گەشــە دەکات ئەگەری خواوەند تێشــوپ *Teshup*یان ئەدەد Adad ی دەدرێتە پاڵ (Speiser, 1935: 30). جێگای سەرنجە کەسایەتی جیاوازی وەک خواوەند و ئەهریمەنەکان و مرۆڤ لە دیمەنەکان بە ســەری باڵندە وێناکراون، ئەوەش لەســەردەمی ئەکەدی و ئاشــوریش بەرچاو دەکەوێت. (Wiseman, 1977:27+80). دیزاینی تەختی خواوەندەکە ئاشـنایە لە شێوەی چوارگۆشـەییە و چوار چێوەکەی لە سـتونی ڕێک و قاچەکانی بەستونی ڕاست دروستکراون، ستونی ئاسۆیی بە بنکەی تەختەکەوە چەسپاوە، دیزاینێکی باوە لە پتەوکردنی تەختەکە بەکارهاتوە، شــێوازی یەکتربڕ X کە بە نەخشی‌ـ (Criss-Cross) ناسراوە، لە داکوتانی ســتونی قایمکاری بەکارهاتوە لە نێوان قاچەکاندایە لە گۆشەی ڕاستەوە بۆ چەپ و بە پێچەوانەوە.



وێنەی ١: دیمەنی سەر مۆرێکی لولەییە، دانیشتنی خواوەندی قوڵایی ئیا لەسەر تەخت. وەرگیراوە لە:


Speiser, 1935: 57.



وێنەی ٢: مۆری لولەیی، دانیشتنی خواوەندی نێرو مێ لەسەر تەخت. وەرگیراوە لە:

Speiser, 1935: 60



وێنەی ٣: دانیشتنی خواوەند بائو لەسەر تەختەکەی. وەرگیراوە لە: .Speiser, 1935: 6




وێنەی ٤: مۆری لولەییە دانیشتنی خواوەندی سەر باڵندە لەسەر تەختێک. وەرگیراوە لە:


Speiser, 1935: 65.

## ٢- دەرکەوتنی کورسی و تەخت لەسەر مۆرەکانی شمشارە.

**وێنەی ٥:** دیمەنی سەر مۆرێکی لولەییە، لەسەر 'زەرفێکی نامە' چاپکراوە و لە شمشارە دۆزراوەتەوە. ئەو وێنانەی ئێمە ئاماژەیان پێدەکەین هاوسەردەمن لەگەڵ تابلێتە نوسراوەکان و پێدەچێت بۆسەردەمی برۆنزی ناوەڕاست بگەڕێنەوە (محمد، ٢٠٢٢: ٦٥٧). دیمەنەکە بە مۆری پیشێندێن"*Pišenden* " ناسراوە، بەهۆی شکاوی پارچەکەوە دیمەنەکە و نوسینەکان بە ڕونی دەر ناکەون بۆیە ناتوانرێ زانیاری ورد لەسەر سەردەم و کەسایەتی ناو دیمەنەکە بزانرێت (.Eidem and Laessøe, 2001: 159). بەهەرحاڵ لەسەر پارچە شکاوی لای ڕاست کەسێک(خواوەندێک) لەسەر تەختێک دانیشتوە، لەبەرئەوەی دیمەنەکە لەسەر زەرفی قوڕ گیراوەتەوە ڕوشاوی و تێکچونی زۆری پێوە دیارە، بەڵام خۆشبەختانە تەختی کەسی دانیشتو بەتەواوی سەلامەتە. پێدەچێت داری بەکارهاتو جیاواز بێت و شێوازی تەختەی لولەکی بەکارهاتبێت! تەختەکە پاڵپشتی نییە و شێوە چوارگۆشەیە، شوێنی دانیشتنی کەمێک چاڵ کراوە و لەدواوە و لە پێشەوە کەمێک بەرزبۆتەوە، قاچەکانی بە دو ستونی ڕێک و پتەو دروستکراوە، تەختەی قایمکاری لە نێوان قاچەکان داکوتراوە.

**وێنەی ٦:** دیمەنی سەر مۆرێکی لولەییە، کە لەسەر پارچە سواڵەتێکی خشتەی "زەرفی نامەیەک" مۆرکراوەتەوە،

جگە لە وێنەکە نوسینی مێخی لەسەرە، لە شمشارە دۆزراوەتەوە(لیسۆ، ١٩٥٩: ٤٠). بە مۆری توروکتی 'Turukti " ناسراوە، جگە لەم پارچەیە پارچەی تریش هەن کە هەمان مۆریان لەسەر تۆمارکراوە، بەڵام ئەوان تائێستا لە بەغدا-ن، لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە و ئاشکرانەکراون. (Eidem and Laessøe, 2001: 160). لە دیمەنەکەدا خواوەندێکی مێینە لەسەر تەختێک دانیشتوە و بازنە و داردەستی پێیە. کەسێک (پاشایەک؟) بەرامبەری ڕاوەستاوە. تەختی خواوەند بە دیزاینێکی ڕێک دروستکراوە، پاڵپشتی نزمی هەیە کە کۆتاییەکەی بەرەو دواوە بە ئەندازەی نیوە بازنەیەک وەک دەسکی گۆپاڵ(گۆچان) چەماوەتەوە. شوێنی دانیشتنی تەختە، قاچەکانی بە ستونی ڕاست دروستکراون. لە نێوان قاچەکاندا تەختەی قایماکاری بە شێوەی دەرگا داکوتراون، کە ئەمەش دیزاینی تەختەکەی وەک دەرگای پەرستگا و زەقورە لێکردوە.



وێنەی ٥: دیمەنی سەر مۆری لولەییە، دانیشتنی پاشا یان خواوەندێک لەسەر تەختەکەی. وەرگیراوە لە:

Eidem and Laessøe, 2001: Seal 1.



وێنەی ٦: دیمەنی سەر مۆری لولەییە، دانیشتنی خواوەندێک لەسەر تەخت. وەرگیراوە لە:

Eidem and Laessøe, 2001: seal 3.

## ٣- دەرکەوتنی کورسی و تەخت لە هونەری نوزی.

یەکێک لە شارە شوێنەوارییەکانی زاگرۆس قەڵای کەرکوکی مۆدێرنە، کاتێک لە زستانی ١٩٢٥ز. خاتو گێرترود بێڵ "Gertrude Bell" کە ئەو کات بەڕیوەبەری شوێنەواری شانشینی عێراقی تازە دامەزراو بو، چەند تابلێتێکی مێخی ئەو شارەی کۆکردەوە، بەڵام ئەنجامێکی پێویستیان نەدا بەدەستەوە، بۆیە پێشنیاری کنەو پشکنین کرا لە شارەکە، بەڕێز د. ئێدوارد کیرا "Dr. Edward Chiera" ڕاسپێردرا تا لێکۆڵینەوە لە شارەکە بکا (Starr, 1939: 24). بۆ ئەو مەبەستەش تەپۆلکەی نوزی (یورغان تەپە/شاروێران) هەڵبژێردرا تا کنەو پشکنینی تێدا بکرێت، یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٥ز کارەکە دەستی کرد. (أسماعیل، ١٩٧٨: ٦٦). هەرچەندە شوێنەکە لەئێستادا بە (یورغان تەپە) ناودەبرێت بەڵام ناوە کۆنەکەی نوزی بوە، بە دوری ١٣کم لە باشوری ڕۆژئاوای کەرکوکە. لە ژێر چینەکانی شاری نوزی فەرهەنگێکی تر دۆزرایەوە ئەویش بە گاسور ناونرا (Maidman, 2013: 1). لەگەڵ ئەوەشدا سەر بە نوزی نەبو، بەڵکو فەرهەنگ و مێژویان جیاواز بو، چینەکانی گاسور کۆنتر بون لە چینە داگیرکراوەکانی نوزی و بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز دەگەڕانەوە. لەم شارەدا نزیکەی (٥٠٠ تابلێت) دۆزرانەوە. (Ahmed, 2012: 66). بەرلەوەی باسی پاشماوە هونەریەکانی نوزی بکەین دەبێت ئاماژە بە داهێنەران و خاوەنی ئەو پاشماوانە بکەین، ئەوانیش دانیشتوانی شارەکە و دەورو بەرین کە خوریەکانن. بەڵگەی ئەوەش بە هەزاران تابلێتی نوسراو بە خەتی مێخی لە شارەکە دۆزرانەوە کە بۆ ناوەڕستی هەزارەی دوەمی پ.ز دەگەڕێنەوە، تابلێتەکان سەرجەمیان بە زمانی ئەکەدی نوسراون. سەرەتاییترین بەڵگەکان کە ساڵ نامەی پاشای ئەکەدی نەرام-سین (*Naram-Sîn*)لە (٢٢٥٥-٢١١٨ پ.ز.) بونی خوریەکان لە ترانستیگریس پیشان دەدات بەڵام هیچ بەڵگەیەک بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ نییە. (Ahmed, 2012: 168). دوای هاتنیان بۆ ناوچەکە هەر لە میسۆپۆتامیاوە هەتا دەریای ناوەڕاست چەندین دەوڵەت و شانشینیان دامەزراند وەک نوزی(ئەڕاپخا)، ئالالاخ(*Alalaḫ*) و ئورکێش(*Urkeš/urkiš*)[٢]. هەرچەندە تا ئێستاش مشتومڕ هەیە لەسەر خوری و سوبارتیەکان کە ئایا بنەچەیان یەکە یان جیاوازن، بەڵام سپایزەر (Speiser) بە هەوڵ و کۆششە گەورەکانی توانی بە بۆچونەکانی زانایان یەک بکات کە خوریەکان (*Hurri*) جێگرەوەی سوبارتییەکانن، ئونگناد "Ungnad" ئەوەی ئاشکراکرد کە هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆ نییە لەنێوان خوریەکان و سوبارتیەکان (رشید، ٢٠١٩: ٥٣). سەرباری ئەو بۆچونانە لێکۆڵینەوە تازەکان قسەیەکی تریان بۆ بابەتەکە هەیە.

**نمونەی مۆرەکانی نوزی:**

**وێنەی ٧:** دیمەنی سەر مۆرێکی لولەییە، لە نوزی دۆزراوەتەوە، پاشایەک لەسەر تەختێک دانیشتوە، کۆتایی پەلەکانی وەک سمی بەراز وێناکراوە. (Stein, 1987: 285). جێگای سەرنجە لە مۆرەکانی نوزی بابەتی (ترسان لە بۆشایی) بە ڕونی پەیڕەو کراوە. (Starr, 1939: 444) دیزاینی کورسی یەکە ڕێکی و سادەیی پێوە دیارە، پاڵپشتێکی نزمی هەیە، شوێنی دانیشتنی ڕێکە و کەمێک بەرزبونەوە لە بەشی پێشەوەی دەردەکەوێت، نیوەپاڵپشتی یەکەی کەمێک چەمانەوەی بەرەو دواوە هەیە، ئەوەش دیزاینێکی نایابە چونکە دانیشتن و پاڵدانەوە ئاسانتر و ئاسودەتر دەکات، شوێنی دانیشتنەکەی لە دو ستونی لەسەریەک دروستکراوە. قاچی پێشەوەی ستونێکی ڕاستە، بەڵام قاچی دواوەی لەگەڵ پاڵپشتیەکەی لێکدراوە و لە ستونێکی کەمێک چەماوە دروستکراوە.

**وێنەی ٨:** دیمەنی سەر مۆرێکی لولەییە، کەسایەتیەک؟ لەسەر تەختێک دانیشتوە، لە بەردەمیدا مێزێک دانراوە، شتگەلێکی نەناسراوی بەدەستەوەیە. (Stein, 1987: 302). یەکێک لە تایبەتمەندییەکان چۆنیەتی دیزاینکردنی تەخت و مێزەکەیە، ستونێکی چەماوە وەک پاڵپشت خۆی دەنوێنێت و بە تۆپێکی خڕ کۆتایی هاتوە. شوێنی دانیشتنی ڕێکە، قاچەکانی بە ستونی ڕاست کراوە، هەردو سەریان بە تۆپی خڕ کۆتاییان هاتوە.

**وێنەی ٩:** دیمەنی لەبەر گیراوەی ســەر مۆرێکی لولەییە، لە نوزی دۆزراوەتەوە، دو کەســایەتی نەناسراو لەســەر کورسی دانیشتون(Stein, 1987: 271). کورسیەکان نیوە پاڵپشتیان هەیە، دیزاینی کورسیەکانیان هاوشێوەیە، پێدەچێت لە هەمان پلەی یەکتربن. پاڵپشـــتیەکانیان نزم و جیاوازە و کۆتاییان بە شـــێوە گۆییەک هاتوە، کەمێک بەرەو دواو لار بونەوە. شوێنی دانیشتنیان لە تەختەی ڕێک و نارێک بە سێ چین لەسەر یەکتری دروستکراون، قاچەکانیان نزمن.

**وێنەی ١٠**: دیمەنی سەر مۆرێکی لولەییە، لە نوزی دۆزراوەتەوە (Starr, 1939: 119) وێنەی دو کەس بەرامبەر یەکتر لەســەر کورسی دانیشــتون، بەداخەوە بەهۆی شــکاوی و ڕوشــاوی مۆرەکە دیمەنەکان بەڕونی وەســف ناکرێن (رضـا، ٢٠١٦: ١٥٣). نامەی مۆرەکە ناوی پاشــای میتانی شــاوشــتاتار "*Sauštattar*"ی لەســەرە بۆیە پێدەچێت نامەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشـــایە (Wilhelm, 1945: 27). هەرچۆنێک بێت کورســـیەکان لە ڕوی دیزاینەوە جیاوازنین لە یەکتری. لەلای ڕاســـتەوە پێدەچێت پاشـــای ناوبراو/خانەدانێک بێت لەســـەر تەختێک دانیشـــتوە، پاڵپشـــتی یەکەی بەستونێکی لولەکی کەمێک لار بۆ دواوە دروستکراوە کە کۆتاییەکەی شێوە هێلکەییە. شوێنی دانیشتنی ڕێکە، قاچەکانی بە ستونی ڕاست دروستکراون، تەختەی قایمکاری بە نەخشی یەکتربڕ (Criss-Cross) لە نێوان قاچەکاندا داکوتراون. کورسی کەسی بەرامبەر کە مۆســـیقا ژەنەکەیە، بەهەمان دیزاین دروســـتکراوە، بەڵام بەهۆی شـــکاویەوە دڵنیانین لە پاڵپشتیەکەی.

**وێنەی ١١:** دیمەنی سەر مۆرێکی لولەییە، لە نوزی دۆزراوەتەوە، کەسێک کە سەری بەهۆی ڕوشاوی مۆرەکەوە ڕەش بۆتەوە، لەسـەر کورسـیەک دانیشـتوە، پێدەچێت پاشـا یان خواوەند بێت (رضـا، ٢٠١٦: ١٦١). تەختەکە بێپاڵپشـتە، شـوێنی دانیشـتنی لە سـتونی ڕێکی لەسـەر یەک دروسـتکراوە، بەشی سـەرەوەی قاچەکانی بە تۆپێکی خڕ دروسـتکراوە و دواتر بە ستونی ڕاست دەڕوات تا دەگاتە زەوی. نەخشی یەکتر بڕ لە نێوان قاچەکاندا دروستکراوە.

**وێنەی ١٢:** دیمەنی ســـەر مۆرێکی لولەییە، لەنوزی دۆزراوەتەوە، هاوســـەردەمە لەگەڵ مۆرەکانی بابلی کۆن. (Stein, 1988: 174). فەرمانڕەوایەک لەسەر تەختێک دانیشتوە، نوسینە مێخیەکەی سەری ناوی بەڕێوەبەرێکی بێناو و ناوی کوڕی کەسێکی نەناسراو و ناوی خزمەتکارێکی مەرەدۆخ دەبات. (Stein, 1988: 201.). تەختەکە بێپاڵپشـتە، شـوێنی دانیشـتنی بە قوماشـێکی ئەسـتور داپۆشراوە کە پڕکراوە لە خوری/لۆکە، قاچەکانی زۆر کورت دروسـتکراون، پێچکەکانی بە شـێوە خەپلەیی دروستکراون. سـتونێکی ئاسـۆیی ڕاسـت لەنێوان قاچەکانی داکوتراوە. سـەکۆیەک بۆ شـوێن پێیەکانی کەسەکە بە تەختەکەوە لکێندراوە، کە پێدەچێت ئەم دیزاینە یەکەم جاربێت لە زاگرۆس بەرچاو بکەوێت.

**وینەی ١٣:** دیمەنی سەر مۆرێکی لولەییە، لە لای ڕاستەوە خواوەندێک بە کڵاوی شاخدار لەسەر تەختێکی شێوە ئاژەڵ دانیشـــتوە. ئەوەی جێگەی ســـەرنجە تایبەتمەندی تەختی خواوەندەکەیە، چونکە تەختەکەی لە شـــێوەی ئاژەڵێک دیزاین کراوە، ئاژەڵەکە دو شـــاخی بچوک و لموزێکی درێژی هەیە. ســـەر پشـــتی ئاژەڵەکە بۆتە شـــوێنی دانیشـــتنی خواوەندەکە، مل و ســـەری ئاژەڵەکە بۆتە پاڵپشـــتی تەختەکە، قاچەکانی بە دیزاینی قاچی ئاژەڵەکە بۆتە قاچی تەختەکە(Porada, 1944-1945: 44). هەرچەنـدە خـواوەنـدەکە و ئـاژەڵی تەختـەکەش نەنـاسراون بەڵام ئەو تایبەتمەندیە لە هەندێک لە دیمەنەکان دەردەکەوێت.


**وێنەی ١٤:** دیمەنێکی شـاهانەییە لەسـەر مۆرێکی لولەیی، بەمۆری ئوقنیتوم دام تۆپکیش *Uqnītum* DAM *Tupkiš* واتە ئوقنیتوم هاوســـەری تۆپکیش/تیش-ئەتل نـاسراوە، لە ئورکیش *Urkesh'*"دۆزراوەتەوە (Buccellati and Kelly-Buccellati, 2007: 141)، پاشا و شاژن بەرامبەر یەکتر لەسەر تەخت دانیشتون. ئەمە وا دەخوێندرێتەوە کە شـاژن هەمان پێگەی پاشـای هەیە لەم دیمەنە(Ahmed, 2012: 207). (هەرچەندە وێنەی ١٤ و ١٥ سـەر بە نوزی

نین، بەڵام مۆری خورییەکانن سەر بە ئورکیشن ئێمە وەک پشتگیری بابەتەکەمان بۆ بەراوردکردنی دیزاینە جیاوازەکانی کورسی لە شارستانیەتی خورییەکان لێرەدا باسمان کردون). وەک دەبینین کورسی پاشا و شاژن هاوشێوەی یەکن و هەمان دیزایینیان هەیە، شێوە لاکێشەیین و بێ پاڵپشتین، قاچەکانی کورسیەکان جیانەکراوەتە وەک یەک پارچە دروستکراون. ستونەکانی قایمکاری لە نێوان قاچەکاندا بە ڕێکی و بە ستونی ڕاست داکوتران.

**وێنەی ١٥ أ، ب :** پارچەی شکاوی جێ مۆری لولەیین، لە ئورکیش دۆزراونەوە، لەسەر هەردوکیان نوسراوە *uqnītum* (Buccellati and Kelly-Buccellati, 1995: .واتە هاوسەری ئوقنیتوم "Uqnitum, the Wife " DAM (17+18. بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە کورسی و تەختە شاهانەییەکانن. کە بە دیزاینی جیاواز لەو سەردەمەدا دروستکراون، پاشا و شاژن لە دیمەنێکی خێزانیدا دانیشتون. وەک دەبینین دیمەنی **أ** تەختی شاژن بە دیزاینێکی سادە دروستکراوە، واتە پەڵپشتی نییە و قۆڵەکانی بۆ نەکراوە، قاچەکانی وەک دو ستونی ڕاگر بە بێ نەخش دروستکراون، شوێنی دانیشتنی ڕێکە و بەشی ژێرەوی کەمێک چەمانەوەی هەیە. دیمەنی **ب** تەختێکی کەمێک لاکێشەییە و ڕێکە، ئەویش پاڵپشتی نییە و قۆڵەکانی بۆ نەکراوە، بەڵام قاچەکانی بە چوار ستونی ڕێک وەک ڕاگری تەختەکە دێنە خوارەوە، کە هەردو بەشی سەرەوە و خوارەوە بە تەختەی قایمکار لێکدراون، بۆیە تەختەکە وەک یەک پارچە خۆی دەنوێنێت. جێگەی سەرنجە تەختی دیمەنی **ب** زۆرترین کات دوبارە دەبێتەوە لە سەر مۆرەکانی ئورکیش.




وێنەی ٧: جێ مۆری لولەیی، نوزی . وەرگیراوە لە: .Stein, 1987: 285




وێنەی ٨: جێ مۆری لولەیی، نوزی. وەرگیراوە لە: Stein, 1987: 302.


وێنەی ٩: جی مۆری لولەیی، نوزی. وەرگیراوە لە: Stein, 1987: 271.



وێنەی ١٠: جێ مۆری لولەی نوزی. وەرگیراوە لە: Starr, 1939: 119. E.



و ێنەی ١١: جێ مۆری لولەیی نوزی. وەرگیراوە لە:Stein, 1987: 126



وێنەی ١٢: جێ مۆری لولەیی نوزی. وەرگیراوە لە: Stein,  1987, No. 3




وێنەی ١٣: جی مۆری لولەیی نوزی، خواوەندێک لەسەر تەختێکی شێوە ئاژەل. وەرگیراوە لە: Porada, 1944-1945: no. 613

.



وێنەی ١٤: جێ مۆری لولەیی ئورکیش، وەرگیراوە لە:

Buccellati and Kelly-Buccellati, 1995: b, q2



ب أ

وێنەی ١٥: أ ، ب وەرگیراون لە: Buccellati and Kelly-Buccellati, 1995: seal q3, q4.

## ٤-كورسی و تەخت لە هونەری لوڕستان.

یەكێک لە ناوچە هەرە گرنگەكانی زاگرۆس بۆ شوێنەوارناسان لوڕستانە، لە ڕوی شوێنەوارییەوە ناوەندی زاگرۆس بە " لوڕستانی فەرهەنگی "ناسراوە، واتە ئەم ناچەیە دەكەوێتە ناوەڕاستی زاگرۆس. ئەوناچەیە ئەمڕۆ پارێزگاكانی لوڕستان و عیلام و باشوری هەمەدان و باشوری كرماشان دەگرێتەوە (هاشمی، ٢٠١٩: ١٧٥) ناوچەكە لە ساڵی ١٩٦٩ز لەلایەن مەک بەرنی (McBurney) ڕوپێوی شوێنەواری بۆكراوە، لە چیاكان و دەروبەریان پاشماوەی سەردەمی بەردینی كۆنی ناوەڕاست و نوێی لێ دۆزراوەتەوە (شهمیرزادی، ١٣٨٢ه.ش: ١٣٦) هەروەها لە ڕۆژئاوای زاگرۆس هەریەكە لە پارێزگا مۆدێرنەكانی وەک لوڕستان و كرماشان و هەمەدان و كوردستان تا نزیک سیالک بە خاكی ئاوان دانراوە، كە ئەم ناوچەیە لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پ.ز لەگەڵ عیلام دەركەوتوە(Ahmed, 2012: 60). بەهەرحاڵ لە لوڕستان ژمارەیەكی زۆر شوێنی شوێنەواری و پاشماوەی شوێنەواری دۆزراوەتەوە، ئەو پارچە شوێنەواریانە بەتایبەتی كەلوپەلە برۆنزییەكان بۆ یەكەم جار لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە بازاڕەكانی شوێنەواری دەركەوتن و دواتر كڕدراونەوە لەلایەن مۆزەخانە گەورەكانی وڵاتان. تەنانەت ئەوكات وادەزانرا كە سەرچاوەكانیان لە ئەرمینیا و كەپەدۆكیایە، بەڵام بەهۆی بڵاوبونەوەی زۆری پارچەكان دۆزینەوەی پارچەی تر لە كنەو پشكنینەكان زۆربەیان بە هۆی بەراوردكاریەوە بە پارچە تازەكان لە كۆتایی بیستەكانی سەدەی ڕابردو زانرا كەسەر بە لوڕستانن ( Haerinck and Overlaet, 1996: 1). یەكێک لە سەرچاوە سەركیەكانی دەركەوتنی شوێنەوارەكانی لوڕستان كنە و پشكنینەكانی تیمی بەلجیكی بو بەهاوكاری تیمی ناوخۆیی ئێران، ئەویش بەسەرپەرشتی فان دێر بێرخ " Van der Berghe" بو لە ساڵی ١٩٦٥-١٩٧٩ز. تێیدا ١٥ وەرزی كنەوپشكنین بۆ شوێنە جیاوازەكانی لوڕستان ئەنجامدرا، وەک وار كەبود و تەپە كالوالی، بانی سورمە، كەلە نیسار، بەدر و كەورز، بەردی بەل و پەی كال، پوشتی كوە، هاكەلان، پەرچینە، میشخاس، ئەیڤان.... ( Haerinck and Overlaet, 1996: 3). سەرباری ئەوەی زۆربەی ڕاپۆرتەكانی كنەو پشكنینەكان بە بڵاونەكراوەیی

ماونەتەوە لەکارێکی نایابدا خشـتەیەکی ڕیزبەندی بۆ سـەرجەم شـوێنەکان کراوە (گاراڤاند، ١٣٩١هـ.ش: ٣٤٤-٣٥٧). هەرچەندە هەڵکەندنی نایاسـایی زیانی زۆری بە شـوێنەوارەکانی لوڕسـتان گەیاندوە و لەبەئەوەش ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە پارچەی بەنرخ بە وڵاتاندا بڵاوبۆتەوە، هەرئەو هۆکارەش بەربەست بوە لە وەی زۆرکات شوێن و سەردەمی پارچەکان دیاری بکرێت(Haerinck and Overlaet, 1996: 1) لەگەڵ ئەوەشـدا هەندێک هەڵکەندنی یاسـایی بۆ ناوچەکە کراوە لە ئەنجامدا پاشماوەکانی وەک ئامرازە بەردینەکان و گۆزە و بوکەڵە و پەیکەری بچوک و مۆر و ژمارەیەکی زۆر لە ئامرازی برۆنزی و ئاسـن دۆزراونەتەوە. ئەوەی ڕون و ئاشـکرایە ئەو پارچە دۆزراوانەیە کە لە هەڵکۆڵینەکانی لوڕسـتان ناوچەی پوشتی-کوە(Pu/posht-i kuh) و بانی سورمە بەدەستهاتون، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە کەلوپەلی برۆنزی لە ناو گۆڕەکاندا دۆزرانەوە، زۆربەیان هاوچەرخن لەگەڵ بنەماڵەی سـێیەمی سـۆمەری یان سـەردەمی ئەکەدیەکان Early Dynastic III/Akkadian لە مێسـۆپۆتـامیـا(Haerinck and Overlaet, 2006: 2-10). هەر لە چوارچێوەی هەڵکەندنەکانی پڕۆژەی بەلجیکی لە پشتی-کوە چەندین پارچەی کانزایی دۆزرانەوە، بە پشـت بەسـتن بەو پارچانە توانرا سەردەمەکانی ئاسن لە هەمو لوڕستان بەگشتی دیاری بکرێت، بەم جۆرەی خوارەوە:

ئاسنی I: 1300/1250 تاکو 1000/900 پ.ز.

ئاسنی II: 1000/900 تاکو 800/750 پ.ز.

ئاسنی III: 800/750 تاکو 600 پ.ز.

ژمارەیەکی زۆری پارچەی شـوێنەواری لە شـوێنەکە دۆزرانەوە (Overlaet, 2003: 8). جێگەی ئاماژە پێدانە لەسـەر پاشـماوە دۆزراوەکان کەمترین وێنەی کورسی و تەخت دەرکەوتوە، بۆیە ناچارین پشـت بەو پارچانە ببەسـتین کە لێرە و لەوێ بەنایاسـایی دۆزراوەتنەوە بە مۆزەخانەکانی وڵاتاندا بڵاوبونەتەوە، هەر وەک سـینیە زیوینەکانی لوڕسـتان کە ژمارەیەکیان لە مۆزەخانەی هیرمیتاج لە شاری پیتیرسبیرگ لە ڕوسیا هەڵگیراون.

**وێنەکانی هونەری لوڕستان:**

**وێنەی ١٦:** دیمەنی سـەر کاسـە/قاپێکی کانزاییە، لە لوڕسـتان دۆزراوەتەوە، بابەتی ئاهەنگگێڕانە لە هۆڵی شـاهانە، بۆ سـەدەی نۆیەم و هەشـتەمی پ.ز. دەگەڕێتەوە(کالیکان، ١٣٨٥هـ.ش.: ٢٢) پاشـا و شـاژن لەسـەر دو کورسی بەرامبەر یەکتری دانیشـتون، کە کورسـیەکانیان لەسـەر تەختەکی دەگمەنی نایاب جێگیرکراوە. دەتوانین بڵێین یەکەم دیزاینی (تەختی تێکەڵ)ە، لە تێکەڵکردنی تەختی قەرەوێڵەیی و کورسی، لەبەرئەوەی تەختی قەرەوێڵەیی زۆربەی کات لە یەک پارچە پێک دێت. تەختەکە شـێوەی لە بەلەمێک دەچێت کە سـەری لای کورسی پاشا بەرزبونەوەی چەماوەیی هەیە و لە شـێوەی لوتی بەلەم، بەڵام سـەرەکەی تری کە دەکاتە لای کورسی شـاژن تەخت و ڕێکە. و، بە قوماشـێکی ئەسـتور داپۆشراوە و پێیدا شۆڕبۆتەوە. قاچەکانی مامناوەندن و بە ستونی ئەستور و پتەو دروستکراون و پێچکەکانی بە نەخشی گوڵی سێ پەڕ نەخشـێندراون. کورسی پاشا و شـاژن هاوشـێوەن و بێپاڵپشـتین، شـوێنی دانیشـتنیان ڕێکە، پێدەچێت لە قوماشی نەخشـداری ئاخنراو لە لۆکە و خوری دروسـتکرابن. لە نێوان پاشـا و شـاژن مێزی خواردنەکان هەیە، خواردنی لەسەر دانراوە، قاچەکانی بە ستونی ڕاست و بەناخشی یەکتر بڕ (Criss-Cross) دروستکراوە، پێچەکەکانی لە شێوەی سمی گایە.

**وێنەی ١٧:** پەرداخێکی برۆنزیە، سـەر بە لوڕسـتانە، توخمی ئاهەنگ گێڕانە و بۆ سـەدەی حەوتەم و هەشـتەم پ.ز. دەگەڕێتەوە، دەربارێک/پلەدارێک لەسـەر تەختێک دانیشـتوە(کالیکان، ١٣٨٥هـ.ش.: ١٩٨). تەختەکە پاڵپشـتێکی بەرزی هەیە کە لە ستونێکی ڕاست دروستکراوە و کۆتاییەکەی لە شێوەی هێلکەییە. شوێنی دانیشتنی تەخت و ڕێکە و

بە قوماشێکی ئەستور داپۆشراوە، قاچەکانی بە ستونی ڕاست دروستکراوە، پاڵپشتی و قاچەکانی بە نەخشی- پاقلاوەیی ڕازێندراوەتەوە، ستونی ئەستور و پتەو لەنێوان قاچەکانی داکوتراوە. هەرچەندە بە هۆی ڕوشان و تاریکی سەر وێنەکە ناتوانین بە ڕونی وەسفی بکەین، بەڵام پێدەچێت پێچکەکانی لە شێوەی خەپلەیی لە زەوی جێگیر کرابێت.

**وێنەی ١٨**: تیردانێکە (Quiver) سەر بە هونەری لوڕستانە، بەڵام شوێنی دۆزینەوەی دیاری نەکراوە، لە برۆنز دروستکراوە و بۆ سەدی هەشتەم و حەوتەمی پ.ز دەگەڕێتەوە. چەندین دیمەن لەسەر ڕوەکەی بە هەڵکەندنی دەرتۆقیو نەخشکراوە. دیمەنەکانی سەر ڕوەکەی بەهێڵی ئاسۆیی بەسەر چوار پانێل دابەشکراون، پانێلی چوارەم دیمەنی سەرەکیە، پاشا/خواوەندێک لە ناوەڕاستەوە لەسەر تەختێک دانیشتوە، دڵنیانین شێرێک لە تەنیشت تەختەکە پاڵکەوتوە یان لە ژێریدایە، سیمای کەسەکان و جلوبەرگ و جوڵەیان بە دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان دەچن ) Seipel, W, 2000: 103). تەختەکە بە دیزاینێکی پێشکەوتو دروستکراوە، پاڵپشتی بەرزی هەیە، کەسی دانیشتو کەمێک لە پاڵدانەوەی لەسەر پاڵپشتیەکە پێوە دیارە. شوێنی دانیشتنی و پاڵپشتیەیەکەی بە قوماشێکی چنراوی ئەستور داپۆشراوە. قاچەکانی لە شێوەی قاچی گا کە مێک بە لاری بۆ دەرەوە دروستکراوە و پێچکەکانی وەک سمی ئاژەڵێک وەک گا دروستکراوە، لە ناوەڕاستەوە پارچەیەکی قایمکاری لە نێوان قاچەکان داکوتراوە.

**وێنەی ١٩**: پلێتێکی برۆنزیە ، یەکێکە لە پارچەکانی لوڕستان، بەڵام شوێنی دۆزینەوەی دیار نیە، بۆ سەدەی حەوتەم و هەشتەمی پ.ز دەگەڕێتەوە. ٥٤ کونە بزمار بەدەوری پلێتەکە هەیە ئەوەش مانای ئەوەیە وەک قەڵغانێکی چوار گۆشە لەسەر پارچە تەختەیەک یان کانزایەکی پتەو چەسپێنراوە. لە دیمەنی سەرەکیدا لە ناوەڕاست کەسێک لەسەر کورسیەکی سادەی بێ پاڵپشت دانیشتوە، کورسیەکە لە داری پتەو و ئەستور دروستکراوە. شوێنی دانیشتنی کەمێک چاڵی تێدایە، قاچەکانی لە ستونی ڕاست دروستکراوە، لە نێوانیاندا ستونی ئاسۆیی قایمکاری داکوتراوە (Seipel, 2000: 103). دیزاینی کورسیەکە تەواو هاوشێوەی کورسیەکەنی سەر تاتەکانی میسۆپۆتامیایە.


**وێنەی ٢٠**: جێ مۆرێکی لولەییە، لە سورخ دوم(Surkh Dum) لە ڕۆژهەڵاتی لوڕستان دۆزراوەتەوە. ئەوەی جێگەی داخە تائێستا ڕاپۆرتە شوێنەواریەکانی ئەو شوێنە بڵاونەکراونەتەوە. مۆرەکە بۆ سەردەمی بابلی کۆن دەگەڕێتەوە(Muscarella, 1981: 327+352). خواوەندێک کە سەری کەمێک ڕوشاوە لەسەر تەختێک دانیشتوە، بەتاکە مۆری سورخ دوم دادەنرێت کە بەرەچەڵەک ئێرانی نییە و سەر بە شێوازی میسۆپۆتامیایە Muscarella, 2014: 353) . تەختی خواوەند بە دیزاینێکی سادە دروستکراوە، بێپاڵپشتیە و قاچەکانی لە داری لولەیی دروستکراون، پێچکەکانی دواوەی وەک سەری ڕم/تیر لە زەوی چەقیون، بەڵام پێچکەکانی پێشەوەی لە سمی ئاژەڵ دەچن. شوێنی دانیشتنی بە قوماش یان پێستە و خوری داپۆشراوە و بەسەر شوێنی دانیشتنەکەدا شۆڕبۆتەوە.


**وێنەی ٢١**: جێ مۆرێکی لولەییە، لە سورخ دوم دۆزراوەتەوە و بۆ سەردەمی عیلامی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، خواوەندێک لەسەر تەختێکی شێوە ئاژەڵ دانیشتوە(Muscarella, 2014: 353-54) ئەوەی جێگای سەرنجە دیزاینی تەختی خواوەندەکەیە، کە لە شێوەی ئاژەڵێکی نەناسراو دروستکراوە، پشتی ئاژەڵەکە بۆتە شوێنی دانیشتنی خواوەند. سەر و ملێکی درێژی چەماوە بۆتە پاڵپشتی تەختەکە، و قاچەکانی بۆتە قاچی تەختەکە، ستونێکی ئاسۆیی قایمکاری لە نێوان قاچەکانی ئاژەڵەکە داکوتراوە بۆ زیاتر پتەوبونی تەختەکە.

**وێنەی ٢٢**: دیمەنی سەر سەرە دەرزی/شوژنە، لە برۆنزەکانی لورستانە، کەسێک لەسەر تەختێک دانیشتوە. تەختەکە سادەیە و بێپاڵپشتە، شوێنیدانیشتنی کەمێک بە کەوانەیی دروستکراوە، قاچەکانی کورت و لار دروستکراون (Fobe, 1978: 273)

**وێنەی ٢٣** سەری دەرزیەکە، سەر بە برۆنزەکانی لوڕستانە، کەسێک لەسەر تەختێک دانیشتوە و تەختەکەی لەسەر پشتی ئاژەڵێکی دڕندە داندراوە(.Fobe, 1978: 274 ). تەختەکە بە شێوەیەکی هونەری تێکەڵ بە ئاژەڵەکە کراوە، پاڵپشتی نیە، شێوە لولەکی یە، بە قەبارەی ئاژەڵەکە لەسەر پشتی چەماوەتەوە.

**وێنەی ٢٤** سەری دەرزیەکە، سەر بە لوڕستانە، مێینەیەک لەسەر کورسیەک دانیشتوە، کورسیەکە سادەیە و بێپاڵپشتیە، شوێنی دانیشتنی چاڵکراوە و شێوە بەلەمی دروستکردوە، قاچەکانی بە ستونی باریک دروستکراوە و کەمێک بۆ دەرەوە کشاون، ستونی ئاسۆیی قایمکاری لە نێوانیان داکوتراوە، شێوەی پیتی A ئینگلیزی دروستکردوە (Fobe, 1978: 278).





وێنەی ١٦: برۆنزی لوڕستان، تەختی دەگمەنی شاهانە سەدەی ٩-٨ پ.ز.. وەرگیراوە لە:

کالیکان، ١٣٨٥هـ. ش: ٢٢.





وێنەی ١٧: پەرداخی برۆنزی لوڕستان، تەختی نەخشدار سەدەی ٨-٧ پ.ز. وەرگیراوە لە:

کالیکان، ١٣٨٥هـ.ش: ٢١٠.





وێنەی ١٨: تیردانێکی برۆنزی لە لوڕستان. وەرگیراوە لە: Seipel, 2000: 103.





وێنەی ١٩: پلێتی برۆنزی لوڕستان، وەرگیراوە لە: .Seipel, 2000: 104





وێنەی ٢٠: مۆرێکی لولەییە لە سورخ دوم. وەرگیراوە: .Muscarella, 2014: 352





وێنەی ٢١: جێ مۆرێکی لولەییە لە سورخ دوم. وەرگیراوە لە:

Muscarella, 2014: 353.



**وێنەی ٢٢**



**وێنەی ٢٣**



**وێنەی ٢٤**

وێنەی ٢٢ ، ٢٣، ٢٤: سەری دەرزین لە برۆنزەکانی لوڕستانن، تەختی جۆراوجۆر پیشان دەدەن، وەرگیراوە لە:

Fobe, 1978: 273-278.

## دەرئەنجام:

١ – زاگرۆس ناوچەیەکی یەکجار گرنگی شـــوێنەواری و مێژوییە، نەک هەر لە ناوخۆی کوردســـتان بەڵکو لە توێژینەوە بیانیەکانیشدا جێگای بایەخ پێدانە.

٢ – پاشـماوە شـوێنەواریەکانی زاگرۆس بەڵگەن لە سـەر میللەتانی کوردسـتانی کۆن لە ناوچەکە، گەلە ڕەسـەنەکان هەر لەکۆنەوە جێدەستی خۆیان تۆمارکردوە، لەسەر زۆرێک لە کەلوپەلەکان بە وێنەکان زیاتر ئاشنایان دەبین.

٣ – کورسی و تەخت هەر لە کۆنەوە نیشانەی دەسەڵاتداری بوە، خواوەند و پاشا و دەربارەکان لەسەر کورسی و تەختی ڕازاوە و تایبەت بەخۆیان دانیشتون، بەڵام خەڵکی ئاسایی لەسەر ئامرازی سادە تر دانیشتوە.

٤ – دیزاینی کورسی و تەختەکان بە پێی شوێن و سەردەم و کەسەکان(خواوەند، پاشاکان، دەربارەکان...) دەگۆڕێت.

٥ – کورسی و تەختەکان بە زۆری دار دروسـتکراون، هەندێک جاریش لە کانزا دروسـتکراون، ماددەکانی وەک زێڕ و زیو و مس یان کەڵبەی فیل(عاج) و ئێسکی ئاژەڵ لە ڕازاندنەوەی بەکارهاتوە، هەروەها پێستەی خۆشکراو و قوماش و لۆکە و خوری بۆ نەرم بون و ئاسودە دانیشتن لە داپۆشینی ئامرازەکە بەکارهاتوە.

## لیستی سەرچاوەکان.

ئەحمەد، کۆزاد محەمەد.( ٢٠٠٨)، کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دوەمی پ.ز.  دا، چاپی دوەم، سلێمانی: بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان.

ئەحمەد، جەمال ڕەشید، و ڕشید، فەوزی.( ٢٠١٩)، *مێژوی کۆنی کورد*، وەرگێڕانی: ملکۆ کەلاری، چاپی پێنجەم، سلێمانی: ئەندێشە.

لیسۆ، یورگین. (١٩٥٩)، *خشتەکەنی شمشارە*، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری.

مارف، دڵشاد عەزیز. (٢٠٢٠) "ڕێنوسەکانی زاگرۆس و کاریگەریان لەسەر ڕێنوس و زمانی کوردیی هاوچەرخ"، گۆڤاری شنروێ، بەرگی (١) ژمارە(١)، سلێمانی: کارۆ، ل . ٩٧-١١٢.

مەعروف، کەمال نوری. (٢.١٤)، *شوێنەوارەکانی کوردستان، زمانی مێژون*، سلێمانی: جەمال عیرفان.

اسماعيل، بهيجة خليل. ( ١٩٧٨)، "نبذة عن الكتابات المكتشفة في نوزي"، *سومر*، مجلد ٣٤، الجزء الاول. بغداد: مديرية الآثار القديمة العامة. ص . ٦٦-٦٨.

باقر، طه.( ٢٠٠٩)، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، ج.١، ط.١، بيروت: دار الورق.

رشيد، عبدالجبار رشيد.( ٢٠١٩ )، الحوريون "من العصر البرونزي الى العصر الحديدي"، قامشلو: شلير.

رضا، هاژه عبدالجبار.( ٢٠١٦)،" *الأزياء والملابس في آثار كوردستان، خلال الألفين الثالث والثاني ق.م*" [رسالة ماجستير]، جامعة السليمانية-كلية العلوم الإنسانية-قسم الاثار.

شهميرزادى، صادق ملك.(١٣٨٢) هـ. ش، ايران در پيش از تاريخ باستان شناسى ايران از آغاز تا سپيده دم شهر نشينى، چاپ دوم، تهران: ملى ايران.

كاليكان، ويليام.(١٣٨٥) هـ. ش، باستان شناسى و تاريخ هنر در دوران مادى هاى و پارسى هاى، ترجمة: گودرز اسعد بختيار، چاپ دوم، تهران: پازينه.

گاراڤاند، مرتضى.(١٣٩١)هـ. ش "باستان شناسى لرستان، باستان شناسى ايرانى درحوزه فرهنگى پيشكوه لرستان"، **مجموعة مقالات** *٨٠سال باستان شناسى ايران،* (جلد اول)، پازينه و موزة ملى ايرانى.ص. ٣٤٤-٣٥٧.

هاشمى، زهرا.(٢٠١٩) "مرورى بر مطالعات مفرغ هاى لرستان"، *مجموعه مقالات همايش بين المللى عصر آهن در غرب ايران و مناطق همجوار*، جلد ١، تهران: موزة ملى ايران، پژوهشگاه ميراث فرهنگى و گردشگرى. ص . ١٧٥-١٨٠.

Ahmed, Kozad Mohamed. (2012), *The Beginnings of Ancient Kurdisan (c. 2500-1500 B.C.) A Historical and Cultural Synthesis*. [PhD Thesis], Leiden.

Balatti, S. (2017), "Mountain Peoples in the Ancient Near East, the Case of The Zagros in the First Millennium BCE.", *Classica et Orientalia*, 18, Wiesbaden. P. 331-333.

Braidwood, Linda. S. and et al. (1983), Prehistoric Archaeology along the Zagros Flanks, The University of Chicago, Oriental Institute, Volume 105, Chicago.

Buccellati, G. and Kelly-Buccellati. (2007)." Urkesh and the Question of the Hurrian Homeland", *Bulletin of the Georgian National Academy of Science*, 175, N2, Georgian Academy, Tbilisi. P. 141-151.

Dadaneh, M. Z. and et al. (2021). Connections Between the Northern Zagros and Mesopotamia during the Fifth Millennium: New Insights from Tepe Namashir in Western Iran, vol. XLv, Roma, Sapienza.

Eidem, J. and Laessøe, J. (2001), The Shemshara Archives 1 The Letters, Viborg a-s.

Fobe, C. (1978), Epingles Votives du Luristan (Iran) à Disque et Plaque en Bronze Non-Ajouré Conservées Aux Musées Royaux d'Art et d'Histoire de Bruxelles, Tahran. Offset Press.

Haerinck, E. and Overlaet, B. (1996)," The Chalcolithic Period Parchinah and Hakalan", *Luristan excavation Documents*, Vol. I, P. 19-23. https://www.academia.edu/ :( Accessed: 7/8/2025.

Haerinck, E., and Overlaet, B. (2006), "Bani Surmah an Early Bronze Age graveyard in Pusht-i Kuh, Luristan", *Luristan Excavation Documents*, *Vol. 6,* In the Acta Iranica: 43, Belgium.

Maidman, M. (2013), Nuzi*, The [Wiley ] Encyclopedia of Ancient History.* First Edition, Blackwell, Ltd. https://www.academia.edu/6590139/Nuzi_Wiley_Encyclopaedia/ :(Accessed: 20/2/2025. 4:30.

Muscarella, O., W. (1981)," Surkh Dum at the Metropolitan Museum of Art, a Mini-Repor"t*, Journal of Field Archaeology,* vol. 8, No. 3. /https://www.jstor.org/: (Accessed: 10/8/2025.

Olszewski, D. and Dibble, H. (2006), "To be or not to be Aurignacian: The Zagros Upper Paleolithic"**,** *Towards a Definition of the Aurignacin, Editors:* Ofer Bar-Yosef Joäo Zilhäo, American School of Prehistoric. /https://www.academia.edu/: (Accessed:10/8/2025.

Overlaet, B. (2003), "The Early Iron Age in the Pusht-i Kuh, Luristan"*, Luristan Excavation Documents*, Vol. IV, In the Acta Iranica 40. /https://www.academia.edu/ (Accessed: 10/8/2025. 9:55.

Potts, D., T. (2013), Luristan and the Central Zagros in the Bronze Age, New York, Oxford.

Renette, S. (2018)*, Along the Mountain Passes: Tracing Indigenous Developments of Social Complexity in the Zagros Region During the Early Bronze Age (CA. 3500- 2000 BCE)***, [**A Dissertation in Art], University of Pennsylvania.

Starr, R., F. S. (1939), Nuzi: Report on the Excavations at Yorgan Tepe Near Kirkuk*,* Iraq*,* Volume 2, Harvard University.

Seipel, W. (2000), 7000 Jahre Persische Kunst, Vienna, Burgring.

Speiser, E., A. and *et al*. (1935), Excavations of Tepe Gawra**,** vol. I, Philadelphia, Pennsylvania.

Tobler, A., J. (1950), Excavations at Tepe Gawra Vol. II, Levels. IX-XX, Philadelphia, University of Pennsylvania.

Wilhelm. (1989), The Hurrians, England, ARIS & PHILLIPS Ltd.

https://www.iranicaonline.org/explore/: (سەردانی کراوە لە: ١٢-٧. -٢٠٢٥)

[1] . تەپە گەورە: گردێکی گەورەی شوێنەوارییە لە پێدەشتی چیاکان لە کوردستانی باشور، بە دوری ٢٤کم لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی موسڵ و لە باکوری زێی گەورەیە، بە دوری زیاتر لە ٣کم لە ڕۆژئاوای وێرانەکانی دور-شەڕوکین واتە خورسابادی تازەیە، لەسەر چەند ڕێگایەکی سروشتی وەک ڕوبار و چیاکان بەرەو ناو گردەکانی زاگرۆس خۆی دەنوێنێت. بڕوانە:
(Speiser *et. al.*, 1935: 2)

[2] ئورکێش/: Mozan /Urkesh(گردی مۆزانی ئێستا) گردێکی شوێنەواریە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا، ناوە تازەکەی مۆزان-ە ناوە کۆنەکەی ئورکیشی پایەختی خوریەکانە، ئەوەش بەڵگەدار کراوە کاتێک لە کنەو پشکنینەکانی ساڵی ١٩٩٥ چەندێن جێ مۆر لەو گردە دۆزرایەوە کە بۆ پاشای خوری تۆپکیش دەگەڕانەوە. ئەمەش وایکرد گردەکە بە پایەختی خوریەکان دابنرێت لە هەزارەی سێیەم و دوەمی پ.ز. بڕوانە: Buccellati and Kelly-Buccellati, 2007: 141